# بەرپرسی ئەمنستی ئینتەرناسیونال پیتەر بێنیسۆن، ماڵئاوایی کرد



**ئیمرۆ، قسەکەرێکی ئەمنستی ئینتەرناسیونال ڕایگەیاند کە پیتەر بێنیسون، لە تەمەنی 83ساڵیدا، لە نەخۆشخانەیەکی شاری(ئۆکسفۆرت)، کۆچیی دوایی کرد. بێنیسۆن، پاش ئەوەی هەواڵی کوشتنی دوو قوتابی لە زیندانەکانی پورتوگاڵ، چونکە لە قاوەخانەیەك، شەرابەکەیان بەناوی ئازادی، نۆش کردووە، خوێندبووەوە، لە 1961ئەمنستی دامەزراند. ئەو کاتە، بێنیسۆن، پارێزەرێکی لاو بوو و دەیویست تەنها کەمپینێك بەڕێوەوە ببات بۆ یەك ساڵ، کەچی گەورەترین ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ گەشەی کرد و لە جیهاندا 1،8ملیون ئەندام و لایەنگیرانی هەیە. ئیرینا خان وتی(ئەو، ڕۆشنایی بۆ ناو تارکستانی زیندان، تۆقاندن و ژوورەکانی ئەشکەنجەدان، برد)**

**ئەم مرۆڤە، بەخۆی لێکۆڵینەوەی دەکرد لەبارەی حکومەتە دکتاتۆرییەکان و جارێکیان، بۆ ئەوەی ڕێگای پێبدرێ، بچێنە ناو زەوی هایتی، گوتوبووی (من گۆرانیبێژی)! بەناوبانگترین بۆچوونی بێنیسۆن ئەمەیە: (جاران شوێنی زیندانەکانی هیتلەر و ژێرخانەکانی ئەشکەنجەدانی جیهان لە تاریکاییدا بوون، ئێستا بە ڕۆشنایی مۆمەکانی ئەمەنیستی ئینتەرناسیونال، ڕۆشنا دەکرێن)**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی فرانکفۆرتە ڕوندشاو** 27.2

**سەلام عەبدوڵا**